ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# موسڵمانبوونی زانای بەریتانی ( ئارثەر ئەلیسۆن ) ساڵی ١٩٨٦

وەرگێڕانی:گۆران جەمال

ئەم زانایە لە کۆنگرەی یەکەمی ئیعجازی زانستی لە قورئاندا موسڵمانبوونی خۆی ئاشکرا کرد. ئەلیسۆن زانایەکی دیاری ئەندازیاری کارەبایی و سەرۆکی بەشی ئەندازیاریی کارەبایی و ئەلکترۆنی لە زانکۆی (سیتی) لە بەریتانیا بوو. ئەلیسۆن بۆ شەش ساڵ سەرۆکی کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە دەروونی و روحییەکان بوو. لەمیانەی هاوکاریکردنیش لەگەڵ زانایەکی موسڵمان لەبواری لێکۆڵینەوە لە خەو بۆی دەرکەوت کە ئەو ئەنجامانەی دەستی کەوتوون لەگەڵ قورئاندا یەك دەگرنەوە.

ئەلیسۆن دەڵێت کە کاتی خۆی و پێش ئەوەی موسڵمان بێت بە فیترەت موسڵمان بوو و بیست ساڵ بەر لەوەی ئیسلام بناسێت یان قورئان بخوێنێتەوە بێ ئەوەی بزانێت بانگەشەی بۆ ئیسلام دەکردو قێزی دەهاتەوە لەهەرچییەك ئیسلام حەرامی کردبوو و دەڵێت: ئەوەی یارمەتیی دام ببمە موسڵمان ئەوەیە لە ژیانی رابوردوومدا بەپێی رێنماییەکانی ئیسلام دەجووڵامەوە.

ئەلسیۆن دەیوت کە چاوەڕێ دەکات ژمارەیەکی زیاتری زانایان باوەڕ بە ئیسلام بهێنن لەبەر ئەو لێکۆڵینەوانەی لەگەڵ قورئاندا یەك دەگرنەوە، ئیسلامیش ئاینی زاناکانە بەر لەوەی ئاینی کەسانی ئاسایی بێت، دەشیوت کە لەمەودوا لێکۆڵینەوەکانی بۆ ئەم شتانە تەرخان دەکات و ئەمەیە کە رۆژئاوا پێویستە پێیەتی چونکە رۆژئاوا لەبارەی ئیسلامەوە هیچ نازانێت جگە لە حەرامکردنی مەشرووب و گۆشتی بەراز.

سەبارەت بە ئاشکرا کردنی موسڵمانبوونیشی، ئەلیسۆن ئەمەی لەکۆنگرەی ئیعجازدا کرد ئەویش پاش ئەوەی کۆنگرەکە بڕیارەکانی خۆی خوێندەوەو ئامادە بوو کۆتایی بەکارەکانی خۆی بهێنێت، لەو کاتەشدا ئەلیسۆن لەبەردەم پێنج سەد زاناو بیریار کە لەوێدا کۆبووبونەوە هەڵساو وتی: ئەی زانایان شایەت بن کە ئیعتراف بەوە دەکەم کە ئیسلام ئاینی هەقەو هیچ هەقێکیش نییە جگە لەو و دەستکردی مرۆڤ نییە بەڵکو لەلایەن خودایەکی زاناوە هاتۆتە خوارەوە، شایەتیشم کە موحەممەد پێغەمبەری خوایەو بۆ رێنماییمان هاتووە.. کاتێکیش ئەمەی وت هۆڵەکە بە تەکبیر دەنگی دایەوە..

سەرچاوە: گۆڤاری (التربیة الاسلامیة)، ژ ١٢، ساڵی ٢٧، ئابی ١٩٨٦.